# ئەرێ فێدراسیۆن چی لێ هات؟

عەلی مەحموود محەمەد

لەم چەند دێرەدا تەنها دەمەوێت ون بوونی فێدراسیۆنی ڕێکخراوە کوردیەکانی دژ بە پاکتاوی نەژادی ڕابگەیەنم.

پارساڵ بە هەوڵ و کۆشش وهیمەتی کۆمەڵێک ڕێکخڕاو لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، لە نەرویجەو بۆ ئیتالیا. لە هۆڵەندە کۆبونەئەیەک ئەنجامدراو و فێدراسیۆن دوو ڕۆژ گفتوگۆی چڕوپڕ ڕاگەیێنراو لیژنەی باڵای بۆ هەڵبژێردرا لە نوێنەرانی 12 ڕێکخراو، بە دانانی کەسێک بە سەرۆک هەڵگیرا بۆ کاتێکی نادیار. وە لە بەهاری ئەم ساڵیش کۆبونەوەی دووەم لە ئەڵمانیا ئەنجامدرا و لیژنەی ڕاپەڕاندنی خۆی لە 5 کەس دیاریکرد، کە کارەکانی فێدراسیۆن بەڕێوە بەرن.
لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک خاڵ بۆ کاکردنی دواڕۆژ دیاری کران. ئەمە دوا هەواڵە ئەم شەش مانگە من لەم فێدراسیۆنە ئاگادار، لەوساوە دەنگی فێدراسیۆن نەماو من ئێستا ناوەکەشیم لە بیر چۆتەوە. کاتێک ویستم ئەم چەند دێرانە بنووسم لە ئینتەرنێتدا بەدوای نتوەکەیدا گەڕام و دۆزیمەوە.

لەم شەش مانگەدا زۆر کێشەی زیندوو ڕاستەوخوو پەیوەند بە کاری جینۆسایدەوە هاتووتە پێشەوە کە دەبوایە فێدراسیۆن تەداخولی تێدا بکردایە. لە دادگایی تاوانبارانەوە بۆ کێشەی ناسنامەی نەتەوایەتی کەرکوک و درێژەکێشانی تەعریب کردن و ئەگەری گۆڕانکاری لە عیراقدا. . .
کە ئەمانە هەمووی کەرەسەی کارووچالاکی فێدراسیۆنن و دەبوایە قسەی لە سەریان هەبوایە و چالاکی بۆیان ئەنجام بدایە و جەماوەری بۆی کۆکرایەتەوە. دەکرا ئەم فێدراسیۆنە کە 12 ڕێکخراوە بای ئەوەندە چالاکییان بکردبایە ناوی لە بیر ئەندامانی خۆشی نەچوبایەتەوە.
هیوادارم لە کۆبونەوەی داهاتوودا ئەم فێدراسیۆنە چالاکانەتر بێتە پێشەوە و لیژنەی ڕاپەڕاندنی چالاک هەڵبژێرێت و بە جورئەتەوە بەرەو ڕۆی پاکتاوی نەژادی گەلەکەمان بوەستێتەوە لە پاڵ ڕێکخراوە چالاکەکانی وەک کەمپینی ئەنفال و هەڵەبجە، کە تاکە یەک ڕێکخراوی نە ئیعلانکراوە.

13-08-2002

www.kurdistannet.org